# "گومان نیەکەم فڵانی* "

هەژێن
٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

سەرنجێکی کورت لەسەر بابەتی "چارەسەری ڕاستەقینەی هەموو کێشەو قەیرانەکانی هەرێم" نووسینی ئەحمەد ڕەزا.

بەرایی: ئەگەر نووسەر پاگەندەی ئەنارکیستبوونی نەکردایە و ناکۆکبوونی ئەو بۆچوونە لەتەك بنەماکانی ئەنارکیزم نەبووایە، کە بە زیانی بزووتنەوەی (گاگۆڵێکەری) ئەنارکیستی لە هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە، منیش ئەو بۆچوونەی نووسەرم وەك بۆچوونی هەر وردە-بۆرجوازییەکی نارازی دیکە وەردەگرت، کە چاوەڕێی "حکومەتی باش و سەرۆکی باش و پارلەمانتاری باش" دەکات.

هەر ئاوا لەبەرئەوەی نووسەر لێرە و لەوێ لەبارەی هزری ئەنارکیستی خەریکی کۆڕگێڕانە و خۆی بە ئەنارکیست دەناسێنێت، سەرنجدان و ڕەخنەگرتن لەم بابەتەی بە ئەرکی ئەنارکیستانەی خۆم دەزانم و بە بۆچوونی من ئەو هەمووە پاگەندە بۆ "ڕوناکبیربوون" و تێرکردنەی نارسیزم سەد و هەشتا پلە پێچەوانەی ئەنارکیستبوون و ڕەفتار و ئەتوار و گوفتاری ئەنارکیستەکانە و بێجگە لەوەی کە بۆچوون و نێوەڕۆکی کۆڕەکانی سەرنج و ڕەخنەیەکی زۆر هەڵدەگرن، کە سەرنجدان لەبارەی ئەو کۆڕانە بۆ بوارێکی دیکە هەڵدەگرم.

نووسەر هەر لە تایتڵی بابەتەکەیەوە، گومان لەوەدا ناهێڵێت، کە ئەوە بڕوای تەواوی خۆیەتی و ئاوا بیردەکاتەوە و ئەوە ئەڵتەرناتیفی ئەوی ئەنارکیستە :"چارەسەری ڕاستەقینەی هەموو کێشەو قەیرانەکانی هەرێم"

پێش هەموو شت، بە پێویستی دەزانم، کە لە نووسەر و زۆربەی ئەوانەی کە واژەی "ڕاستەقینە" بەکاردەبەن، بپرسم مەبەست لە ڕاستەقینە چییە؛ بنەڕەتی، تەواو، دوا هیوا و ..تد؟ ئێمەی خوێنەر چۆن بتوانین لەنێو دەریای پاگەندەی "ڕاستەقینەکان" بزانین کامە دانە ڕاستەقینە و کامانە ناڕاستەقینەن؟ پاڵنەر و هێز و وروژێنەری ئەو هەمووە "یەقینە" چییە و کامەیە؟

ئایا دەکرێت بزانین ئەم بابەتە بێجگە لە "دەوڵەتی باش و فەرمانداریی باش و پارتیی باش و دەسەڵاتی باش و سەرۆکی باش" هەر بەو جۆرەی کە سەران و لایەنگرانی گشت پارتییەکان بەتایبەت پارتییەکەی (نەوشیروان موستەفا) پاگەندەی دەکەن، چی دیکە دەکاتە هەتوانی بیرینەکان؟

پاشان، ئەگەر خاڵی یەکەم و دوو خاڵی کۆتایی، کە بە زۆردارەکی و بۆ جوانکردنی خۆشباوەڕیی خاڵەکانی دیکە بەو بابەتەوە لێندراون، لابدەین، بێجگە لە ڕیفۆرمکردنی سەروەریی چینایەتی چی لێ دەمێنێتەوە؟

بێجگە لەوە "دەستبەردار بوون لە سیاسەتی ئابوریی سەربەخۆ." واتای چییە؛ خاڵی یەکەم بە هەندوەربگرین یان خاڵی دووەم ؟ من کوردی نازانم یان نووسەر خەریکە سەر لە ئێمەی خوێنەر دەشێوێنێت؛ دەستبەرداربوون واتە وازهێنان لە شتێك، ئایا داخوازییەکەی نووسەر، داخوازیکردنی وابەستەبوون و پابەندیی "ڕامیاریی ئابووریی سەربەخۆ" ؟ ئەی ئابووریی سەربەخۆ چییە، ئایا مەبەست لە سەربەخۆیی ئابووریی کۆمەڵە ئازادەکانە یان شێوازێکی ئابووریی نوێیە و بە گوێی ئێمە نەکەوتووە؟

ئایا ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئەو خاڵانەی کە نووسەر دیاریکردووون،
" .... *دوورکەوتنەوە لە گزی و فرت و فێڵی هەڵبژاردن.
*دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستی زەعامەت.
* دوورکەوتنەوە لە ڕۆشنبیریی بازاڕیی، کە دەسەڵاتی هەرێم پشتیوانیی زۆری لێ ئەکا.
* دەستبەردار بوون لە مەحسوبییەت.
* پیادەکردنی سیاسەتێکی ڕۆشن. * موحاسەبەکردنی دزو مافیاکان بە ئاشکرا .."

جێبەجێبکەن، ئیدی تاکی کۆمەڵی هەرێمی کوردستان هیچ گرفتێکی نامێنێت و " وڵات خۆی ئەبێ بە شامی شەریف." و نووسەریش لەتەك سەروەریی چینایەتی گرفتی نامێنێت؟ ئەی پاگەندەی ئەنارکیستبوونی نووسەر لەپێناو چییە و ئەنارکیزم لای ئەو چی دەگەیێنێت؟ ئایا ئەنارکیزمێك کە نووسەرلەنێو ئەو نووسینەی پێشنیاریدەکات و پاگەندەی دەکات، بێجگە لە هەمان "بۆچوونی وردەبۆرجوازییانە" کە مارکسیستەکان تۆمەت دەیدەنە پاڵ هزر و بزووتنەوەی ئەنارکیستی، چی دیکە دەتوانێت ببێت؟

ئەی لە کام سەردەم و کام گۆشەی جیهان لە سایەی دەوڵەت و فەرمانداریی و پارتایەتی ڕویداوە " زامنکردنی ئازادیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی. " مسۆگەربکرێت، تاکو لە سایەی سەروەریی بۆرجوازی کورد پەرجووی ئاوا ڕوبدات ؟

دوا جار دەکرێت "ڕوناکبیری ئەنارکیست" بە ئێمەی خوێنەر بڵێت، کە ئەو بێجگە لە پێکهاتەیەکی قووچکەیی و نێوەندگەرای دەوڵەتیی و فەرمانداریی لە " بەکانتۆن کردنی ناوچەکانی هەرێم لە ناوخۆداو گرێدانەوەی بە مەرکەزی هەرێم." چ تێگەییشتنێکی دیکەی هەیە؟

بە گوێرەی بۆچوونەکانی پرۆدۆن تاکو بۆکچین، کە وەك ئەنارکیستێك لەبارەی خۆبەڕێوەبەریی و فێدراڵیزم زۆرترین قسەیان کردووە، کاتێك کە ناوچەکان بکرێنە کانتۆن، واتە بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکان بەسەر کانتۆنەکان و لەنێو کانتۆنەکان بەسەر ڕێکخراوە و هەروەزییە کۆمەڵایەتیەکان دابەشدەکرێت و پێکهاتەی نێوەندییانە و قووچکەییانەی بەڕێوەبردن ڕەتدەکرێتەوە و بەڕێوەبردن ئۆتۆنۆمیانە دەبێت و لەسەر بنەمای فێدرالیزمی نادەوڵەتیی پشتبەستوو بە دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ ڕێکدەخرێت.

ئیدی "گرێدانەوەی بە مەرکەزی هەرێم" چ داهێنانێکە و دەکرێت بزانین لە کوێی هزر و بزووتنەوەی ئەنارکیستی ئاوا بۆچوونێك بۆ فێدرالیزم و پێکهاتە و ڕێکخستنی فێدرالیستی هەبووە و هەیە و کامە بنەمای ئازادیخوازیی ئەنارکیزم پشتیوانی لە ئاوا بۆچوونێکی وردەبۆرجوازییانە ** دەکات؟

---------------

* "گومان نیەکەم فلانی" : پەند و دەستەواژەیەکی کەلهوریی ناوچەی کرماشانە.

** وردەبۆرجوازی : مەبەست ڕیفۆرمکردنی بەڕێوەبردنی نێوەندگەرا و قووچکەیی دەوڵەت و فەرمانداریی و پارتایەتییە، هەر بۆچوونێك کە لەتەك هەبوونی سەروەریی چینایەتی، ڕێکخستن و پێکهاتەی قووچکەیی و نێوەندگەرا و بەرتەریی دەستەبژێر و هەبوونی پارتیی و فەرمانداریی و دەوڵەت و بازاری کڕین و فرۆشتن گرفتی نەبێت.

بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە لەسەر فەیسبووك : https://www.facebook.com/sekoy.anarkistan/posts/554854234708924

*** خوێنەری هێژا بۆ خوێندنەوە و بەراوردکردن دەتوانێت لەم لینکەی خوارەوە بابەتەکەی نووسەر بخوێنێتەوە :
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=323852451327486&set=a.107045833008150.1073741828.100011082004129&type=3